چاوپیکه وتن له گه ل ئارنولد کارسکینس

ئارنۆڵد کارسکێنس:لە١٠٠% جینۆساید دژ بەگەلی کورد پیادەکراوە بەتایبەتی لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە

دیدار:ئەمیر قادر

ساڵی ٢٠٠٣بەیەکەمین نوسینی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی هۆڵەندی کارسکێنس ئاشنابووم, کەلەسەر بازرگانە هۆڵەندیەکە (فرانس ڤان ئانرات) نوسیبووی دواتر هەموو بابەتەکانیم لەگۆڤاری (نیوریڤیو) خوێندەوە, لەسەرەتای کۆکردنەوەی دۆکیومێنتەکانەوە هەستم بەڕاستی ووردەکاری لێکۆڵینەوەکانی ئارنۆڵد کرد, دواتر هەر ئەم دۆکیومێنتانەش لەپاڵ سەدان دۆکیومێنتی تردا, بوونە فرانس ڤان ئانرات, لەسەرەتای دادگایکردنی تاوانباردا, بنەمایەك بۆ ساغکردنەوەی تالوانەکانی لەکۆتای ساڵی ٢٠٠٣ ئارنۆڵدم لەدادگا بینی لەنزیکەوە قسەمان کردوو دواتر بوینە ئاشنا.

لەوکاتەوە تائێستا هەمووجارێك لەدادگا بینیومە لەنزیکەوە چەند مەترێك لەنزیك تاوانبار فرانس دادەنیشێت و شتەکان یادداشت دەکات, کەخەریکی نوسینی کتێبەکەی (هیچ پەشیمان نیم) بوو گەلێك جارو بۆزۆر پرسیار پەیوەندی کردووە, شتێك کەزۆر سەرنجی ڕاکێشام کاری پرۆفیشناڵی ئەو بوو, هەر ڕستەیەکت لەسەر بنوسێت پرست پێدەکات و ڕاوبۆچونت وەردەگرێت, ئەمەش وایکردووە کەنوسینەکانی خانەی دۆکیومێنتەکانی جەنگ لەهۆڵەندا(نی.ئی.ئۆ.د)کتێبەکەی وەك بەرهەمی ناوازە قبوڵکراوە وە داینا, من و هاوڕێم کامەران ئەحمەد وەك تەنها کوردین ئامادەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکە بووین کە زۆر رۆژنامەوان و سیاسیەکانی هۆڵەند ئامادەبوون و ئاهەنگی هەروەها (فرێت تێفنس)داواکاری گشتی (لەدۆزی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات)دائامادەبوو وەیەکەمین نوسخەی کتێبەکەی وەرگرت وەپەیامێکی کورتی لەبارەی کتێبەکەوە دایە گرنگی دایە کارەکانی و کتێبەکەی ئارنۆڵدی بەرز نرخاند, منیش هەرلەڕاڕەوەکەدا ئەم ئامادەبووان گفتوگۆیەم لەگەڵ ئەنجامدا.

پرسیار:ڤان ئانرات داوای کرد سەدام و عەلی کیمیای شایەتیبدەن لەکاتی پێداچونەوەی دۆزەکەیدا لەلاهای لەرۆژی ٢٣-١٠-٢٠٠٦ دا,چۆن ئەمە دەبینیت؟ئایا ئەمە دەورێکی دەبێت؟

ئارنۆڵد, من لام وانیە لەم کێشەیەدا گوێ لەشایەتی سەددام و عەلی کیمیای بگیرێت, ئەمە شتێکی واقعی و دروست نییە, شتێکی تریش هەیە کەدۆکیومێنت و تەلەکس هەن کەتیایدا ڕێڕەوی پەیوەندیەکان دیارە لەنێوان فرانس و کێدا بووە, وە چی بردراوە, دەوری فرانس بردنی ئەم مادانە بووە بە قاچاغ, شەرت نیە سەددام ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم روداوانەوە بوبێت یان ئاگاداربوبێت.

پرسیار: ئایا کتێبەکەت کەئەمرۆ بڵاو بویەوە بەناونیشانی (هیچ پەشیمان نیم) هەر باسی ئانرات دەکات؟ یان کۆمپانیا هۆڵەندیەکانیش بەشێکی گرنگی کتێبەکەن؟

لەنیوەی زیاتری کتێبەکەم باسی ئەم چەکە کیمیاویانە دەکات کەسەددام بەکاری هێناون چ دژی ئێران چ دژی کوردەکان, کۆمپانیا هۆڵەندیەکانیش بەشیان هەیە, لەسەرەتاوە کەیاساکانی بازرگانی بەم چەکانەوە نەبوو واتە پێش ساڵی ١٩٨٥ کۆمپانیا هۆڵەندیەکان کەل و پەل و مادەی کیمیاویان داوە بە عێراق, بەڵام ڤان ئانرات هەربەوەوە نەوەستاوە بەڵکو سەرجەمی ئەم یاسایانەی پێشێلکردووە,

ئەو گەورەترین بازرگانبووە کەئەم کارانەی کردووە بەڵام بێگومان کۆمپانیا هۆڵەندی و ئەمریکی و ئەوروپییەکانیش کەمیان نەکردووە!

پرسیار:سزای ١٥ ساڵ زیندانی بۆ فرانس ڤان ئانرات و دان پێدا هێنان و جینۆسایدی کوردەکان لەدادگای لاهای, ئایا هەر ئەم سزایە بەسە؟ یان لات وایە ڤان ئانرات تاوانباریشە بە تاوانی هاوکاریکردن لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا؟

بۆیەش زۆر لام بەڵێ من لام وایە کەئەو تاوانبارە بە هاوکاری لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا باشە کەداواکاری گشتی لەپێداچوونەوەی دۆزەکەی ڤان ئانراتدا داوای ئەمە دەکات, من لە کتێبەکەشمدا ئەوەم باسکردووە, بەتایبەت دوای ئاگاداربوونی ئانرات لە کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەش ئەو بەردەوام بووە لە هاوکاری و بازرگانی بەم مادانەوە لەگەڵ رژێمی عێراقدا ، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەوەی کە ئەو هاوکارە لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا.

پرسیار: ١٥ ساڵە لێکۆڵینەوە دەکەیت و بەدوای ئەم تاوانبارەوەیت، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩١ کە بۆ یەکەم جار بینیت لە بەغدا تا چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەکاتی پێداچوونەوەی دۆزەکەیدا لە لاهای هۆڵەندا، ئەم پیاوە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە، هیچ ئاڵوگۆڕێك بەدی دەکەی لە بارودۆخ و ئاکاریدا؟

من هیچ گۆرانێکی تێدا بەدی ناکەم ، وەك خۆی ماوە، خۆپەرست و لووت بەرز و سەنتپەرستە، تەنها بەخۆیەوە خەریکە ، تا ئەو ڕادەیەی کە لەکاتی دادگاکەشدا و لەبەردەمی دادگاشدا هیچ هەستێکی بەرانبەر ئەو بریندار و قوربانیانە دەرنەبڕی کە بە چەکەکانی ئەو نەخۆش و پەککەوتبوون، ئەو بە قسەی خۆی هەست بە تاوان و پەشیمانی ناکات، بۆیەش من ئەم کتێبەم هەر بەناوی ئەو گفتەی خۆیەوە ناوزەدکردووە کە لە یەکێك لەدواین گفتوگۆکاندا ووتی (هیچ پەشیمان نیم!) ، وانەیەك کە من زۆر لام مەبەستە لەم کتێبەمدا گەیاندبێتم سادەیە ، ئەوەیە کە هەست بکات هەڵەی کردووە ، بڕیاری هەڵەی داوە ، کاری خراپی کردووە ، ئەوەت لەبیر نەچێت کە ئەکرێت کەهەموو کەس ڤان ئانرات بێت ئەگەر لە ژیاندا هەڵبژاردنی هەڵە بکات، بڕیاری هەڵە و کاری هەڵە بکات ، گرنگە لەوە دڵنیابیت کە ڤان ئانرات نەخۆشی دەرونی نیە ، ساغ و تەندروستە! بەم وەزعەشەوە ئەم تاوانەی کردووە، کەواتە بەرپرسە لە کردەوە تاوانەکانی ، بەو پەڕی هۆشیاری و ئاگایانەوە ئەم تاوانەی کردووە، فێڵی کردووە بۆ دەربازکردنی چەك و مادەکان.. بۆ نموونە ناو و کۆدی چەکەکانی گۆڕیوە یان لە مەسیر و ڕێگاکاندا کاری زۆر شەیتانی کردووە، دیارە هەموو ئەمانە بە دۆکۆمێنت هەیە بۆ نموونە لە پەیوەندیەکانیدا لەگەڵ تاوانبار و هاوکار و شەریکە یابانیەکەی (تەنەکا)دا بە باشی دیار دەکەوێت .

پرسیار : ئاسۆی ئەوە ئەبینی کە داواکاری گشتی لێکۆڵینەوە یان کاردانەوەی هەبێت بەرانبەر ئەو کۆمپانیایانەی کە لەم کارانەوە گلاون؟ یان لات وایە کە قوربانیەکان ئەبێت شکات بکەن؟

لام وایە کە ئەبێت قوربانیەکان داوا بکەن ، بەڵام من خۆم زیاتر خوازیاری ئەوەم کە پەرلەمان ئەبێت لەسەر ئەمە لێکۆڵینەوە بکات و بڕیاریش بدات، واتە سیاسیەکان بەم کارە هەستن ، دەوڵەت و دەسەڵات ئەم کارە بکەن بەڵام قوربانیەکان نابێت بێدەنگ بن .

چەند پرسیاری خێرا:ئەم ناوانە گوزارە لە چی دەکەن لای تۆ؟

پارێزەری گشتی (فرێد تێفینس) ؟

.باشترین ئۆفیسەری وەزارەتی داد ، لە دۆزی فرانس ڤان ئانراتدا دەورێکی زۆر گرنگی هەبوو

بەغداد؟

شارێك كە زۆر جار سەفەرم كردووەی بۆی، زۆر ناخۆشی بینیوە و كێشەی زۆر تێدا بووە ، تاوانی تێدا ئەنجام دراوە ، ئومێدمە كە جارێك بە ئارامی سەردانی بكەمەوە ، من زۆر لە عێراق ژیاوم، خەڵكەكەیم خۆش دەوێت سەردانی كوردستانیشم كردووە ، دوایین جار لە مارسی ٢٠٠٦دا ، من .زۆر لەم كارو بەدوادا چوونەمدا ماندوبووم، بەشێكی ئەوەیە خەڵكی ئەم وڵاتەم خۆش دەوێت

كورد و جینۆساید؟

من پێم وایە لە ١٠٠% جینۆساید دژ بە گەلی كورد كراوە و بەتایبەتیش لە لایەن رژێمی سەدامەوە ، من خوازیاری كوردستانێكی ئازادم، كوردستانێكی سەربەخۆ، تكایە ئەوە بە كوردەكان بگەیەنە لە زمانی منەوە كە كوردەكان زۆر گرنگە لەناو خۆیاندا بەیەكەوە تەبابن بتوانن بەیەكەوە بژین ، من ئاگادارم كە زۆر جار بەیەكەوە شەڕیان بووە، كوردەكان خۆیان دەتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، ئەمە بەشێكی زۆر پەیوەندی بە كوردەوە هەیە ، ئەگەر تۆ لەناوخۆتدا یەكگرتووبیت .بتوانیت بەیەكەوە بژیت خەڵكی دەرەوە دانت پێدا دەنێن و پشتیوانت دەبن

هەردوو گەورە كۆمپانیای (ك.ب.س) و (مێڵ خیمی)؟

ئەوانە دوو كۆمپانیای هۆڵەندین كە لە ساڵانی سەرەتادا واتە پێش ١٩٨٥ مادده و كەرەسەی كیمیاویان بە عێراق فرۆشتووە، ئەوان باس لەوە دەكەن كە لەسەرەتاوە لە ئامانجەكانی عێراق ئاگادار نەبوون، بەڵام ئەوە ئاشكرایە كە ئەو ماددانە لە لایەن رژێمی سەدامەوە بەكارهاتوون بۆ . بەرهەم هێنانی چەكە كۆمەڵ كوژەكان

دواپرسیارم ئەوەیە ، گوایە زۆربەش لە كتێبەكەت لابردووە یان دەست كاریتكردووە؟ لەژێر فشاری كۆمپانیا و میدیا و دەسەڵاتدا ؟ ڕاستیەكەی لادانی بەشەكان نەبوو، بەڵام هەندێك دەستكاری بووە لە دارشتن و لاپەرەكاندا، ڕاستیەكان هەموو ماون لە كتێبەكەدا ، بۆ نموونە شتێكی زۆر تازەی تێدایە كە كۆمپانیای (مێڵ خیمی) دان بەڕاستیەكاندا دەنێت كە ئەم مادانەی داوە بە عێراق ، بەڵام لەهەمان كاتیشدا باس لەوە دەكەن كە زۆریان لا ناخۆش بووە كە بەكارهاتووە وە كۆمەڵكوژی پێكراوە